## بابةتةكاني ثةروةردةو فيركرن ثيويستي بة طؤراني ريشةيي و بة عةلماني كردن هةية.

### لة نيوان ثةروةردةي ئيسلامي و رةخنةو ثيشنيارةكاني

### كاك(بةهمةن تاهير نةريمان) لة (كوردستاني نوي)دا.


**بةشي يةكةم** نوسيني : شيرزاد فاتح / كؤتايي يولي 2004 سويد

تةلةفؤن 0046735715449

ئيمةيل sherzad_f@yahoo.com




له لاپەڕە 9 ی هەردوو ژمارەکانی (کوردستانی نویێ)ی ڕۆژانی 12 و 19 ی یولی 2004 ، و له ژێر ناوونیشانی (پەروەردەو توندو تیژیی)دا، به دوو بەش بابەتێکی بەڕێز( بەهەمەن تاهیر نەریمان) م خوێندەوە، منیش وەك نوسەرێکی بواری پەروەردەو فێرکردن و بابەتانی خوێندن ، وه وەك کەسێك که گرنگی ئەدەم به بواری پەروەردەو فێرکردنی منالآن ، کەپێشتریش لەم بارەوەو لەسەر گۆڕینی بابەتەکانی خوێندن چەندین ووتارم بلآو کردەوەو نامیکەیەکیشم لەم بارەوە به چاپ گەیاند له سالّی 2000 دا ، به پێویستم زانی له لایەك وەك ڕەنخنەیەك چەند سەرنج بەیان بکەم لەبابەتەکەی کاك بەهمەن و لەلایەکی تریشەوە ئەو ئەلتەرناتیڤەی که دەکرێت و دەتوانێت له ڕەگەیەوە بابەتەکانی خوێندن بگۆڕێت و بەشێك له کێشەکان چارەسەر بکات بخەمەڕوو، بەو هیوایەی باسەکەی من له ئاقاری خزمەت به بواری پەروەردەیەکی شارستانی و سەردەمدا بێت وه دەرخستنی ڕاستیەکان و هەولّ و پێشنیارێك بێت بۆ گۆڕیتی بابەتەکانی خوێندن به گشتی، له خوێندنگاکاندا و له خزمەت به دروستی پەروەردەکردنی منالآن و لاواندا بێت.

من سەرەتا چەند بۆچون و لێکدانەوەی کاك بەهەمەن دەخەمه ڕوو، وه له دواییدا زۆر به کورتی ڕێگا چارەی ئەو بۆ چارەسەری ئەم کێشەیه به خوێنەرانی ئازیز نیشان دەدەم . دیاره کاك بەهمەن ناوەرۆکی بابەتەکەی به تایبەتی لەسەر بابەتی( پەروەردەی ئیسلامی )یه ، لەم بارەوە زۆری نوسیوه بەلأم بەبڕوای من ، هەم شیکردنەوەو لێکدانەوەکانی و هەمیش پێشنیارەکانی بۆ گۆڕینی بابەتەکە ، هەردووکیان هەر خزمەت به یەك شت ئەکەن. ئەو باس لەوە دەکات که بابەتی(پەروەردەی ئیسلامی سەرچاوەیەکه بۆ توندو تیژی) ، وەلەم بارەوە چەندین نمونه دەهێنێتەوە ، لەهەمان کاتدا پێشنیار دەکات بۆ وەزارەتی پەروەرده بەو دەلیلانەی که نوسەر باسی لێوە دەکات دەیەوێ نیشانی بدات که ئەم بابەته پێویستی بەگۆڕان هەیه ، له ڕەخنەکانیشیدا نمونەی وێنەی سەربەرگەکەی باس دەکات ، وه نوسەر شکی هەیه لەوەی که دانەرانی ئەم پەروەردەی ئیسلانییه کوردبن..و..هتد. سەربای ئەمانه له بەشی دووەم و کۆتاییەکەشی دا هەندێك خالّی باس کردووه که بەڕاستی شایەنی لێکدانەوە و سەرنج و ڕەخنەی جدین ، نوسەر باس له پەروەردەیەکی ئیسلامی زانستی دەکات ، وه پێشنیاری وایه که ئەم پەروەردەی ئیسلامییه ناوەکەی بگۆڕدرێت بۆ ( زانستی ئاینی) ، ئەمه جگەلەوەی که ئەم بابەته له یەخەی قوتابیان و خۆێندکاران هەر ناکاتەوەو دابەشی دەکات به پێی پۆلەکان و هەنگاوەکانی خۆێندن ،کاك بەهمەن پێشنیاری ئەوەش دەکات که هەر بەتەنها ئاینی ئیسلام نەخوێندرێت له خوێندنگاکاندا ، چونکه له کۆمەلّگای کوردستاندا ئاینی یەزیدی و کاکەی و شەبەك و مەسیحیش هەیه.

دیاره مرۆڤ ئەگەر بیەوێت خالّ بخاته سەر پیتەکان و ڕاستییەکان بەیان بکات ، ئەگەر نوسەرو ڕەخنه گرێك بیەوێت جەسورانەتر و بابەتی تر واوەتر بڕوات و ئەرك و بەرپرسیارێتی بەرامبەر پەروەردەی منالآن ولآوان نەوە دوای نەوە نیشان بدات ، دەبێ ئەو ڕاستیه بەیان بکات که ئەوە هەر بابەتی پەروەردەی ئیسلامی نییه بەتەنها باس له ئاینی ئیسلام و خولّقێنەری توندو تیژیی و جیاوازی نێوان ڕەگەزی کوڕان و کچان بێت ، ئەوشمان بیر نەچێت کەباسەکەی کاك بەهمەن ناچێته چوارچێوەی ڕەخنه له بەپەروەردەی ئیسلامی وەك ئامرازو سەرچاوەی

خورافەو توندو تیژییەوە ، وە ناچێتە چوار چێوەی ڕەخنەیەکی زانسی و پێشکەوتنخوازو ڕەتکردنەوەی ئەم بابەتەو نەخوێندنی لە خوێننگاکاندا، بەڵکو لە خزمەتی مانەوەو دەمەزەرد کردن و تیژکردنەوەی دایە ، ئەگەر ئەو بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی گشتی پەروەردەی ئاینی ئەو باسەی نوسیوە ، ئەوە کاك بەهەمەن وای نەوتووە لە نوسینەکەیدا ، جا ئیتر ئەوەی کە خۆی ویستویەتی چی بڵێ ئەمەیان شتێکی ترەو بەس خۆی لەبەستی خۆی حاڵیە. جگە لە پەروەردەی ئیسلامی بەشی هەرەزۆری بابەتەکانی خوێندن لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام و دەمارگیری نەتەوەیی و بە تایبەتیش بیری شۆڤێنزمی عەرەبی درێژراوەو مرۆڤەکان بەپێی سەر بەنەتەوەی جیاجیا بوونییان ، ئەیانکات بەدژی یەکداو دوژمنداری فێری منالأن و لاوان دەکات ، فێری شەڕو توڕەیی و گۆشەگیریان ئەکات ، ئایدیۆلۆژییەکی سەقەت فێری منالأن دەکات ،کەچی ئەسڵەن ئەمە بۆ کاکی نووسەر نە کێشەیەو نە هەر باسیشی لێوە دەکات.

بابەتی پەروەردەی ئیسلامی بابەتێکی تایبەتە، وە جێگای خۆێندنی لە خوێننگاکاندا نابێ ببێتەوە ، ئاین کاری گەورە ساڵانە پەیوەندییەکی بە منالأنەوە نییە، فێربوونی منالأن بەشتی خورافەو ناڕاستی ، وە نازانستی ووتن چ لە قوتابخانە بێت یان لە هەر بوارێکی تری ژیانی کۆمەڵگا ،کارێکی نامرۆڤانەیەو تاوانێکە بە ئەستۆی ئەنجامدەرانی ، پێش ئەوەی مامۆستا لەمە بەر پرس بێت وەك وێژەری بابەتەکە ، حکومەت و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لێی بەرپرسن ، وە تا ڕادەیەك کۆمەڵگا لێی بەرپرسە. ئاشکرایە کە بابەتی پەروەردەی ئاینی سەرچاوەکەی خورافەیە ، ئاین هەمیشە بواری تەواو بۆ مرۆڤەکان ناڕەخسێنێ کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێت ، یان زانیاری تەواو بەدەستەوە نادات ، وە بۆ ڕونکردنەوەو سەلماندن هەمیشە پەنادەباتە بەر هێزێکی سەرو سروشت کە ئەویش زاراوەی ( خوایە) ئیتر مرۆڤ لەوە زیاتر بۆی نییە ئەم سنورە ببەزێنێنێ و لە بارەی ئەم خوایەوە پرسیار بکات. هەر کەسیش ڕەخنە لەم ئاینە بگرێت و پەردە لەسەر ناوەڕۆکە بناغەییەکەی هەڵبداتەوە ، ئەوا لە لایەن دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامییەوە وەك میراتگەری ئاینی موسوڵمانان لەم سەرزەمینەدا ، خوێنی حەڵاڵ دەکرێت ومەحکوم بە مەرگ و کوشتن دەکرێت ، وە حەق بە خۆیان دەدەن کە مافی ژیان لەوکەسانە بسەندرێتەوە ، نموونەی لەم کەسانەش کەم نین هەر لەم چەند ساڵەدا چەند نوسەرو سیاسیەك ناویان کەوتە ئەم لیستی مەحکوم بە مەرگەوە لەوانە( سەلمان ڕوشدی ، تەسلیمە نەسرین ، ڕێبوار ئەحمەد و ....هتد). کاك بەهەمەن لە نوسینەکەیدا نایەوێت و مەبەستی نییە کە بێتە سەر ئەوەی پەنجە بۆ ڕیشەی ئەم کێشەیە و سەرچاوەکەی ڕابکێشێت ، ئەو بە حیسابی خۆی دەیەوێت پەروەردەی ئاینی ڕەت بکاتەوە ، بەڵام لە جێگایدا کۆڵێکی قورستر بەسەر منالأن و خوێندکاراندا دەدات ، جگە لەوەی کە هەیە ، ئەو دەیەوەێ ئاین بە شێوەیەکی زانستی بخوێندرێت و تازە کۆمەڵێك ئاینی تریشمان لێ زەق و زیندو دەکاتەوە سەرباری ئاینی ئیسلام. ئاین بە گشتی سەرچاوەی نانەوەی شەڕو ئاژاوەو ناکۆکی نێوان مرۆڤەکانە ، لەسەردەمی پەیامبەری ئاینی موسڵمانانداو وە لە خودی (بەرنامە)ی ئیسلامدا، لە چەند جێگە بەئاشکرا کوشتنی ئەو مرۆڤانەی کە موسڵمان نین حەڵاڵ دەکات وبانگەشە بۆ تاڵانکردنی سەروەت و سامانەکەنیان و ئەنفال کردنیان دەکات ، وە بەتایبەتیش لە کاتی شەڕەکانیاندا ، خۆ ئیتر ئەم ڕاستەیە لە چەندین شوێن بەیان کراوەو کەسێك نییە کە نەی بیستبێت و نکولی لێبکات. ڕژێمی بەعسیش هەر لێرەوە لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە خوێنی ئێمەی بۆ خۆی حەڵاڵ کرد و 182 کەسی لێمان ئەنفال و زیندەبەچاڵ کرد.

بەبڕوای من کاتێك مرۆڤ باس لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات و دەیەوێت بێتە ناو ئەم باسەوە ، دەبێت ئەوەی لەپێش چاو بێت کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن تەنها یەك بابەتێك یان بەگشتی تەنها ئەو بابەتەکانە نین کە لە قوتابخانە دەخوێندرێن ، بەڵکو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بریتییە لە سێ کوچکەی ( مامۆستا ، خوێندکار و بابەتەکانی خوێندن)، تەواوکاری ئەمانەش و ئامرازی بەیەکەوە بەستنیان و بە پراکتیزە

کردنەوەی قوتابخانەیە، کەژووری قوتابخانەو ڕەنگ و بۆیەی ژوورو تابلۆی ڕەش و هەموو ئامرازەکانی تری فێربوون لەبۆلدا یان لە تاقیگەدا ، دەور دەگێڕن لەم پرۆسەیەدا و کاریگەرییان هەیە لەسەر فێربوون و تێگەیشتنی خوێندکار. ئەمە جگە لەدەورو نەخشی مامۆستا وەك فێرکەرو(پەروەردەکار) قوتابیان وەك (فێرخوان)، چۆنێتی ژیان و گوزەرانی مامۆستاو پێداویستی خوێنکاران لە قوتابخانەو لە ناو خێزاندا ، وە وەڵامدانەوە بە داخوازی و پێداویستیەکانیان ، پەیوەندییەکی ڕۆحی بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە. لە خوێندنگاکانی کوردستان و عێراقدا هەمیشە مامۆستا دەورو نەخش و ئامرازی جێبەجێکەری ئەم سیستەمە دەبینێ ، پەنا بردن بۆ توندو تیژی وەك لای سەروە ووتم پەیوەندی بە چەندین فاکتۆری دەخاڵەتگەرەوە هەیە لەم پرۆسەیەدا، لەم نێوەشدا نابێ ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و پێداویستی خوێندکاران لەبەرچاو نەگیرێ ، ئەمە جگەلەوەی کە سیستەمی بەڕێوەبردنی ووڵات و ئاستی ووشیاری گۆمەڵگاو بنەمای داڕێژراوی بابەتەکانی خوێندن ، بەندو مەرجی بەسەرئەنجام گەیاندنی پرۆسەیەکی ئیسانی مۆدێرن و پێشکەوتوون.

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەندە سەقەتە ، کە باس لێوە کردن و نیشاندانی سەرجەم لایەنەکانی کارێکی ئاسان نییەو بنی نییە. دەکرێ لە چەند پرسیارەوە مرۆڤ دەست پێبکات ، کە ئەویش لوتکەی تراژیدیایەکی ئیسانی ئەم پرۆسەیەیە ، وەگەرەترین تاوانە بە ئەستۆی ( مامۆستا ، بەڕێوەبەری قوتابخانە، وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ،وە لەسەروی هەموشیانەوە سیستەمی حوکم ڕانی ووڵات و دەسەڵات )، پرسیارەکەش ئەوەیە هۆکاری گیان لەدەستدانی قوتابی (هێمن نورەدین) چی بوو ؟! ئەو زللەیەچی بوو ژیانی لەو قوتابیە بێتاوانە سەندەوەو لە باوەشی گەرمی خوێندنگاو خێزانەکەیدا ڕفاندو هەواڵەی مەرگی مرد؟! ئایا هێن نورەدین لە ئەمنەسورەکە زیندانی بوو یان قوتابی بوو لە یەکێك لە خوێندنگا سەرەتاییەکانی سلێمانی ؟! بۆچی (عادل) قوتابی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی سلێمانی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو خۆی سوتاند ؟! بۆچی لە کاتی تاقیکردنەوەکانی ووزاری ئەمساڵدا 3 خوێنکار خۆیان سوتاند ؟! ڕاستی ئینسان بەبیستنی ئەم هەواڵ و کارەساتانە قژە لە ناو جەرگێوە دێت ، ئەم ڕووداوانە تاوانی زۆر گەورەن و ناکرێ هەروا بەسەریا تێپەڕێن ، ئەمە ئیتر لوتکەی نا ئینسانی بوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و سیستەمی بەڕێوەبردنێتی..!! لەم کاتەدا هەر کەسێك مامۆستاو بەڕێوەبەر بێت خۆی وەك هۆکاری ئەم تاوانانە دێتە پێش چاو.

من دەمەوێت لێرەدا ڕاستییەك بەیان بکەم ، ئەویش ئەوەیە کە لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق و کوردستان لە ئازاری 1991 داو دوای وەدەرنانی دەسەڵاتی سەرکوتگەری بەعس ، یەکەمین کارێك کە دەبوو دەستی بۆ ببرایەو بکرایە، گرنگیدان بوو بە پرۆسێسی پەروەردەو فێرکردن ، وە گۆڕینی بابەتەکانی خوێندن بوو. بابەتەکانی خوێندن لە عێراقدا بۆ چەندین دەیەیە داڕێژراون، ئەگەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە وەریبگرین ، ئەلف و بێیەکەی مامۆستا ئیبراهیم باڵدار ، زیاتر لە نیوسەدەیە دەخوێندرێت و هەنگاوەکانی تریش بە گشتی چ لەڕووی زانستی و چ لە ڕووی پەروەردەییەوە کەم کورییەکی ئیجگار زۆریان هەیە، جانەك بۆدەورانی ئێستاو سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیا ، بەڵك و بۆ دەورانی بەرلە ئێستاش پێموایە بابەتەکان ئەوە نەبوون کە وەڵام بە گرێ گۆڵی دڵی خوێنکار بداتەوە گوزارش لە هیواو ئاوات و ئارەزووەکانیان و لەژیانی ڕۆژانەی مناڵان و لاوەکانمان بکات. دیارە تائێستاش ئەم پرۆگرامانەی خوێندن ئەوتوانین بڵێن وەك خۆی ماونەتەوەو گۆڕیانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە ئەگەر بۆ ئەو دەورانە وابووبێت ، ئەوا بۆ دەورانی ئێستا بەتەواوی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خوێنکاری سەردەمدا نامۆیەو نزیکایەتییەکی لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا نیە.ئەگەر لەم دواییەدا بابەتەکانی خوێندن دەستێکیشی بەسەردا هێنرابێت ئەوا هێندەی تر بەرەو ناخی زەقکردنەوەی هەستی دەمارگیری نەتەویی و دواکەوتوویدا براوەو زیاتر تێکەڵ بە خورافەو کۆنەپەرستی کراوە.

دوای وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، دەبوو گۆرانکاری بنەرەتی زۆر جدی بکرایە لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەداو ، گشت ئاسەوارە خراپەکانی بەعس لەکوردستان بسڕدرایەتەوەو لە جێگایدا شتی تازەو جوان و دوور لە دڕندەیی و کوشت و کوشتار و فەلسەفەی شەرو جنێو، دەبوو فەلسەفەیەك پەسەند بکرێت کە بۆنی ئازادی و خۆشگوزەرانی لێبێت، بابەتێك کە سرودی حۆشەویستی بۆ ژیان و دنیایەکی باشتر لە دنیاو ژیانی دوێنێ بۆ هەتا هەتایە بۆ مرۆڤایەتی بچڕیبایە، بابەتێك کە ببێتە وێردی سەرزاری ساواو لاوەکانمان و گۆرانی عەشق و ئازادی پۆل پۆل بڵێن و بڵێنەوە. ئەمە شانبەشانی بابەتە زانسییەکانی سەردەم و تازەترین شتێك کە دەکرێ بۆ خزمەت بە بەرەوە پێشچونی مرۆڤ دەستەبەر بکرێت. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دیسان دەبوو گۆڕانکاریەکی جدی بکرایە لە بواری ئیدارییەوەو هەموو پیاوەکانی بەعس و ئەو کەسانەش کە حکومەتی بەعس بەرپرسیارێتی دابوونێ، لێیان بسەندرایەتەوەو بەشێوەیەکی ئازادانە و بە پێی تواناو لێهاتووی و ئامادەی کارکردن و بەرپرسیارێتی لە خۆ نیشاندان، بەڕێوەبەرویاریدەدەری هەموو خوێندنگاکان و فەرمانگەکان بە هەڵبژاردن دیاری بکرانایەو ، خزمایەتی بۆ بەرپرسێك و ناسیاوی و سەربەحیزبی دەسەڵاتداربوون ، هەویەت و تەزکییەی بەڕێوەبەری و مەسئولییەت و پۆست وەرگرتن نەبوایە. بەڵام هەردوو دەسەڵاتی کوردی ئەمەی نەکرد ، هەرجۆرە پاساو هێنانەوەیەکیش بۆ نەکردنی ئەم کارە پێم وایە بێبنەمایەو خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی دڵسۆزو خەمخۆرانی ئەو بوارەو شان خاڵی کردنەوەیە لەبەرامبەر بەرپرسیارێتی داو شێواندنی ڕاستییەکانە لە ڕۆشنبیران و ئازادی خوازان. بەبڕوای من مەسەلەکەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی بۆخۆی ئاسۆیەکی رۆشنی نییە ،وە فوو بە هەمان بڵندگۆی پێشودا دەکات و لە جیاتی ووروژاندنی هەستی نەتەوەی عەرەبی گۆڕپیوێتی بۆ ووروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردی، یانی زەقکردنەوەی هەمان دەمارگیری نەتەوەییە، بەڵام بە زمانێکی تر. تازە ئەگەر هەندێك گۆڕنکاری زۆر کەم کە ئیدعای بۆ دەکەن کە کراوە، بێجگەلەوەی لای سەروە کە باسم کرد هیچی تر نەکراوەو ئەوا نزیك بەسیانزە ساڵە نەیان کرد ، تازە هەر ناشیکەن..!!

بەبڕوای من ئەرکی مامۆستایان ،وە سەرجەم خەڵکی پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیران ، لایەنە علمانی و مودەعی کۆمەڵگای مەدەنییەکانە ،کە هەوڵی داڕشتنی بەرنامەیەکی پێشکەوتن خوازو علمانی بدەن و دوای گفت و گۆو هەڵسەنگاندن ، گەڵاڵەی کۆمەڵێك بابەتی باش و بەکەڵك بکەن ، وە هەموو بوارەکانی سایکۆلۆژی و فەرهەنگی و زانستی سەردەم تێایدا ڕەچاو بکرێ. لە لایەکی تریشەوە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتداران کە ئەم کارە بکرێ و دەستی بۆ ببرێ. ئیتر ناکرێ لەوە زیاتر چاوەڕوان بین ، ئاخر دەتانەوێ چەند هێن و عادل و...و...هتد، تر ببنە قوربانی ئەم پرۆسەو شێوەی پێرکردنە، ئاخر دەتانەوێ چەندی تر خۆیان بکوژن لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، ئاشکرایە کە نەکردنی ئەم کارە لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بەهێز کردنی بەرەی کۆنەپەرستیی و دواکەوتووی و خورافەیە، وە بارهێنانی خەڵکە لەسەر دەست و پەنجە نەرم کردن ( واتەڕاهاتن و گوێ نەدان) لەگەڵ ئەم پرۆگرامانەدا، وە ئەوەی بیری لێ نەکراوەتەوە ، داڕشتنی کۆمەڵە بابەتێکی علمانی و پێشکەوتن خوازە، کە وەك بەرنامەی پرۆسێسی پەروەردەو فێرکردن بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هاوچەرخ چاوی لێبکەن.

تێبینی :_لە بەشی دووەمی ئەم نوسینەمدا کورتەیەکی مێژووی لەمەڕ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقدا ئامادە دەکەم.